وەزیری نەوت: هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتدا بەشکە لە بودجەی عێراق



وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند: لە سەردانی ئێم جارێی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان تاوتوێی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم کرا و دڵنیابوون بەزووترین کات هەناردەی نەوت دەست پێ بکاتەوە.

چوارشەممە، 16ـی نیسانی 2025، حەییان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند: هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتدا بەشکە لە بودجەی عێراق، زیاتر لە ساڵ و نیوکە لەسەر هێڵین بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی میکانیزمی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەگەڵ بڕیی نەوتی عێراق_تورکیا، چونکە پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت و هەڵچنکردنی پشتگیریکردنی سامانی عێراقی و باشترکردنی بۆ هەردوو حکوومەت.

وەزیری نەوتی عێراق ئاشیگەیاند: یاسای بودجە هەموار کرایەوە، 16 دۆلار تێچووی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت دیاری کراوە بۆ ئەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت پێبکاتەوە.

گوتیشی: تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت بگۆڕێ کێگە دگەڵت هەر کێگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەندێک کێگە نەوت هەیە تێچووی بەرهەممهێنانی نەوت 23 دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێک.

حەیبان عەبدولغەنی دەڵێت: دان بەوە دادەنێین ئەو کێگانەی لە هەرێمی کوردستان هەن لە ڕووی تێپەگرافیەوە سەختن و بیرلێدان لە ناوچەکەدا پێویستی بە کات و توانای زۆرە.

وەزیری نەوتی عێراق، جەخت لەوە دەکاتەوە، تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، 16 دۆلار دیاری کراوە و ئەو 16 دۆلارە نرخی کۆتایی نییە، تەنیا وەک سولفە وایە دواتر لە ڕێگەی کۆمپانیای هاوبژکاریەوە ئەو بڕە هەموار دەکرێتەوە، بەهەی ئەوەی کێگەکان لە تێچوو وەک یەک نین، لایەنەکی هاوبژکاری دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی وردبینی بۆ بکرێت، تا بزانرێت تیچووی نەوت چەندە تا دواجار بتوانرێت تێچووی ڕاستەقینەی هەر بەرمیلێک نەوت بخەمڵێنرێت.

وەزیری نەوت عێراق، زیاتر گوتی: بڕگەی دووەم پەیوەندی بە بەکاربردنی نەوخێیی هەبوو ئەمەش لە یاسای بودجەدا دیاری کراوە و لە بودجەدا کە 46 هەزار بەرمیلە بۆ بەکاربردنی ناوخۆ و بەکاربردنی بەشێک لە پاڵاوگەکان تەرخان دەکرێت.

گوتیشی: بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە پشکی عێراق کەم کراوەتەوە و ئەمە قەناعێک لە قەناعێکان ڕۆژانە زیاتر لە سێ ملیۆن و 450 هەزار بەرمیل هێنارد دەکرا، بەڵام ئێستا سێ ملیۆن و 300هەزار بەرمیل کەم کراوەتەوە، بەیە ئەمە مکوڵین لەسەر ئەوەی هێناردەی نەوتی هەرێم دەست پێ بکرێتەوە.

دەربارەی گفتوگۆکانی نێوان وەزارەتی نەوتی عێراق و سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان حەیبان عەبدولغەنی، ڕایگەیاند: دەرگاکانی گفتوگۆ هەمیشە کراوەن و هەر لەم سەنگەیەوە ڕۆژی شەممە، 19ـی نیسانی 2025، شاندێکی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە بەغدا دەبن و بەیەکەوە کۆ دەبینەوە بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن و هیوادارین بەزووترین کات بگەینە ڕێککەوتن، چونکە سامانی عێراق پێویستی بەوەیە هێناردەکردنەوەی نەوت دەست پێ بکاتەوە.

گوتیشی: لە سەردانی ئەم جارەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم بابەتە تاوتوێ کرا و بووە هۆکارێک ئەم پڕۆسەیە خێراتر بکرێت.

دەشێت: ئەم مکۆین لەسەر ئاوی وەتانی ئێپێک یەکگرتوو بن و عێراق مافی زێری هەیە و بە دڵخۆکی سەختدا تێپەیوە و نێیتوانیێوە بڕو بە هێناردەکردنی نەوتی زیاتر بدات و مافی خێیتی پشکی خۆی زیاد بکات، هەکەوتن لەگەڵ چەندین کەمپانیا کراوە و ئامانج لەوەش زیادکردنی بڕەهەمی نەوتە و زیادکردنی یەدەگی نەوتی عێراقە.

باسی لەوەش کرد، ئەو پشکێی بە عێراق لە ئێپێک دیاری کراوە بەهیچ شێوێیەک ناگونجێت لەگەڵ توانای هاستەقینەی بڕەهەمهێنانی، عێراق لە ئێستادا توانای بڕەهەم هێنانی زیاتر لە پێنج ملیۆن بڕمیلە؛ جگەلەوەی لە هەرێمی کوردستان بڕەهەم دێت کە هەژانە 400 بۆ 450هەزار بڕمیلە لە هەژدەکدا، بێیەکەوە دەگاتە نزیکەی شەش ملیۆن.

وەزیری نەوتی عێراق دەربارەی وەبڕهێنانی گاز هایگێیاند: وەبڕهێنانی گاز گێیشتووەتە لە ٪67 و تاوەکوو کۆتایی ساڵ دەگاتە ٪70.